


# وێنەی ئەستێرەکانی گۆرانی و تۆپی پێ جێگە بە وێنەی سەرکردەکان لێژ دەکات

**گەنجەکان پشت لە هەڵواسینی وێنەی سەرکردەکان دەکەن و لە جێگەیان وێنەی ئەستێرەکانی مۆزیك سینەما و وەرزش هەڵدەواسن**

راپۆرتی هەردی مەهدی و سەروەت عەبدوڵڵا
فۆتۆ : هێمن عەبدولقادر

● عامر دەیووت "خەریکی هەڵواسینی وێنەکەی کازم ساهیر بووم، برادەرێکم هات و بە تورەییەکەوە ووتی: ئەم رەسمە چیە؟ کازم چی بۆ کردووی؟ بۆ کەسێك هەڵناواسی کە شتێکی بۆ کردبیت؟ منیش پێم ووت: ئەی پێم نالێی سەرکردەکانی کورد چیان بۆ کردووم؟ هەر خەریکی واسیتە و گەندەڵی و ئەوشتانەن، بۆیە کازم هەڵدەواسم تا لە سیاسەت و گەندەڵی سەرکردەکانەوە دووربم، من وێنەی ئەوانم بە تورێك ناوێ"

هەڵواسین و هەڵگرتنی وێنەی سەرکردەکان،لەو رێگایانەیە کە خەڵك ئینتما و خۆشەویستی خۆی بۆیان دەرەبڕێ، ساڵانێك دیاردەیەکی بەرفراوان و باوبوو لە نێو لاواندا ،لە ماڵ و دوکان و لەنێو کاتژمێر و لە جانتا و لیڤێکسەکانی خوێندندا وێنەی سەرکردەکان دەبینران، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی گۆرانیبێژ و یاریزانەکان جێیان بە هەڵواسینی وێنەی سەرکردە و سیاسیەکان لێژکردوە ،موعجەبەکانی گەنجان لەبری سەرکردە و کاریزمییەکان، هونەرمەند و یاریزان و ئەکتەرە بەناوبانگەکانی بواری (سینەما)هەڵدەواسن کە رووکاری هەموو شتەکانی گەنجانیان داگیرکردووە.

(ئاراس ئەحمەد) گەنجێکی تەمەن 22 ساڵە ، دەرچوووی پەیمانگای تەکنیکیە، لە ژوورەکەیدا وێنەیەکی هونەرمەندی ناوداری ئێرانی (شەجەریان)ی هەڵواسیبوو، ئاماژەی بەوەدا "لانیکەم لە هەڵواسینی وێنەی شەجەریاندا هیچ دوژمنێك بۆ خۆم دروستناکەم،لێرە هەموو شتێك دابەشبووە بەسەرکردەکانیشەوە، ئاخر گەر وێنەی یەکێك لە سەرکردەکان هەڵواسم ئەوا ئەبێت لایەکی

خزمانی خۆمان و برادەرانم لێ زویر بێت ، یان به جۆرێك سەیرمان دەکەن "

(شەیما حەسەن)یش پێی وایە هەڵواسینی وێنەی سەرکردەکان "هیچ پەیوەندیەکی بە خۆشەویستیەوە نیە، تەنیا درێژکراوەی شەڕەپەڕۆکەی سالآنی رابردووە، تەنها بۆ جیاوازی دروستکردن و حیزب حزبێنەیە، ئەگینا هەڵواسینی وێنەی سەرکردە جگە لە بەرژەوەندی حیزبی چ سودێکی هەیە؟"

چێژوەرگرتن لە گۆرانیەك و ئاسودەکردنی دەرونی رەنگە هۆکارێکی تری پشت هەڵواسینی وێنەکانی هونەرمەندان بێت (عامر صەلاح)ی 23 ساڵە، دەرچووی بەشی راگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی، وێنەی کازم ساهیر و چەند پاڵەوانێکی فیلمە بیانیەکانی هەڵواسیبوو لە دوکانەکەیدا، ووتی "ئەمانە لە رووی مەعنەویەوە ئاسودەیان کردووم، یاخود کارە هونەریەکانیان سەرسامی کردووم، بەلآم سەرکردەکان جگە لە لەتکردنی رەنگ و وڵات و جیاوازی خستنەوە و شەڕ و گەندەڵی نەبێت چیان بۆکردووین؟"

بەلآم ئاراس ئەحمەد دەڵێت "سیاسەت دنیایەکی زۆر بێزراوە، هێندە شتی نابەجێ و ناشیرین لە سیاسیەکانەوە بینراوە، ئیتر بەشی ئەوەیان نەهێشتۆتەوە تا لەدڵماندا بن و وێنەیان هەڵواسین بۆ ئەوەی لەبیرمان بن، بەلآم شەجەریان هەرگیز لەیادناچێتەوە، بۆیە وەك دەربڕینی خۆشەویستیم بۆی وێنەکەیم هەڵواسیوە" سەبارەت بە هەڵنەواسینی وێنەی سەرکردەکانیش ئاراس ووتی "من بە بینینیان شتی بێتام و ناخۆشم بیردێتەوە، ژورێکیش ئەوانی تیابێت حەزناکەم لەناویدا بم و میزاجم تێکدەچێت، تۆ رقت لە کەسێك بێت وێنەکەی هەڵدەواسی؟! بۆ خۆشم هەمیشە حەزئەکەم لە سیاسەت دووربم"

ئارام محەمەد قسەی لەناهۆشیاری ئەو کەسانە کرد کە وێنەی سەرکردەکان هەڵدەواسن ئەم حاڵەتەی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە"ئەگەر کەسێك رۆشنبیر و هوشیار نەبێت ، واسەیری سەرکردە دەکات وادەزانێ موقەدەسن، هەرئەمانەشن وادەکەن سەرکردەکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و گوێنەدەنە هیچ، چونکە خەڵك بۆیان دەپۆشێت"

لەبارەی جۆری فرۆشی وێنەکان لەبازاڕدا وادەردەکەوێ لە ئێستادا وێنەی گۆرانیبێژ و یاریزانەکان پرفرۆشترین جۆری وێنەکان بن، لەوبارەوە (کۆمار عابید) کە یەکێکە لەو گەنجانەی خاوەنی دوکانێکی پڕفرۆشی وێنە جیاوازەکانی یاریزان و گۆرانیبێژان و سەرکردەکانە، لەبارەی سەرفیاتی وێنەکانەوە وتی"وێنەی یاریزان و گۆرانیبێژە بیانیەکان هەر بە ئاسمانەوە نامێنی، خێرا هەمووی دەکڕن، دووهەزار وێنەی (میسی) دەهێنم خێرا دەفرۆشرێ، کەچی وێنەی دوو سەرکردە دەهێنم دەمێنیتەوە، لەبەرئەوە هەرگیز وێنەی سەرکردەکان ئەوەندەی وێنەی یاریزانێك یان کچێکی گۆرانیبێژ بۆ من خێری نیە، بۆیە هەر ئەوان زۆرتر دێنم.." کۆمار ئاماژەی بەوەکرد "تەنها لە کاتی جەنگ و هەڵبژاردن و بۆنەیەکی تایبەتی لەوجۆرەدا فرۆشی وێنەی سەرکردەکان هەیە"

(کاردۆ نەجات) کە دوکانداری فرۆشتنی وێنە جۆراوجۆرەکانە سەبارەت بە چاپکردنی وێنەکان ووتی "زۆربەیان لەسوریا و ئوردون و تورکیا و بەغداوە دێن، بەلآم وێنەی سەرکردەکان لە موختەبەر کەمال چاپدەکرێن" رەنگە بڕیاری هەڵواسینی وێنەی سەرکۆمار و سەرۆکی هەرێم لە هەموو فەرمانگەکاندا کاریگەری لەسەر فرۆشی وێنەکان دروستکربێت ، کاردۆ جەختی لەوەکردوە "وێنەی سەرکردەکان زۆربەی جار فەرمانگەکان دەیبەن بۆ ئەوەی لەپشتی بەڕێوەبەرەوە هەڵبواسرێن" ئەو ووتی"بەدەر لەوە گەنجەکان زۆربەیان وێنەی موعجیبەکانیان دەکڕن، ئەوان کەمتر روودەکەنە کڕینی سەرکردەکان"

پێدەچێت پشتکردنە وێنەی سەرکردەکان و هەڵواسینی وێنەی گۆرانیبێژ و یاریزانەکان لای گەنجەکان، باکگراوندێکی دەروونی و هۆکاری تایبەتی هەبێت، بۆ شیکردنەوەی ئەم حاڵەتە (صەلاح حەسەن) چارەسازی دەروونی لە نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی وتی "لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و ژینگەی کۆمەلآیەتیدا ، هێماکانیش دەگۆڕێن، لەبەرئەوەی ژیان بەردەوام دەگۆڕێت و داوای شتی نوێ دەکات ئەوسا رەمزەکانیش بۆ کات و شوێنی خۆیانن و قابیلی گۆڕانن، رەنگە ئەمڕۆ ئیتر سەرکردەکان ئەو هێما و سیمبولە نەبن کە هەڵبواسرێن"

لەبارەی ئەوەی بۆچی لە پێشدا وێنەی سەرکردەکان دەبینرا لەسەر سنگ و سەعات و ژووری تایبەتی گەنجاندا،بەلآم ئێستا ئەم دیاردەیە کەمتر دەبینرێ؟ صەلاح حەسەن ئاماژەی بەوەکرد "ئەوسا کورد لەژێر ستەمدا بوو، قوربانی دەستی ستەمکارێك بوو، ئەوکات هەرکەس دژی دوژمنەکەت بێت لای تۆ ئەبێتە رەمز، سەرکردەکانی کورد کە سەرمەشقی دژایەتی دیکتاتۆربوون بوونە هێمایەك، لەوکاتەدا لای گەنجان خۆشەویست بوون بۆیە هەڵدەوسران، بەلآم ئەمڕۆ ژیان گۆڕاوە ، رەنگە ئەم سەرکردانە ناتوانن حەزو خولیاکانی گەنجان بێننە دی، بۆیە نابنە جێگەی سەرنجی گەنجان"

(صەلاح حەسەن) چارەسازی دەروونی لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوەکردەوە "گەنجان هەست بەنامۆیی دەکەن، شتێك نیە بەم وڵاتەوە بیانبەستێتەوە، بەڵگەش بۆئەمە ئەو کۆچە بەلێشاوەی گەنجانە بۆ دەرەوە، دەسەلآت و سەرکردەکان کەمتەرخەمن لە ئاستیاندا، گەنج قورسایی ژیان کەوتۆتە سەری، باری حکومەت لەسەرشانی گەنجە، هەندێکیشیان سەرکردەکان بەفاکتەری ئەم ئازارانە دەزانن بۆیە لە ئێستادا کەمتر وێنەی سەرکردەکان لای گەنجان دەبینرێت، بۆیە بۆ ئاسودەکردنی خۆیان و سوککردنی ئازار و دورکەوتنەوە لەو دنیا ئاڵۆزە پەنادەبەنە بەر گۆرانیبێژ و یاریزان ورەمزەکان کە رەنگە هەندێکیان رەمزی ئاینی یاخود ئایدۆلۆژی بن، ئەمەش تەنها لەپێناوی کەمکردنەوەی ئازاری دەرونیان"